بـــانگـشـی مـرگ ... ســـرویـن دڕوشـ

تابلۆیەکم لەسەر دیواری مزگەوتێك بینی
لە شیعرە شینەکانی هاشم سەباح دەچوو
هاوارێکی فەرهاد پیربالم بینی
لە زەمبیلە بەتاڵەکەی کسێ دەچوو
خۆپشاندانێکم بینی
لە گازی فرمێسك ڕژ و هەڵکستی جولەکەکان دەچوو
وێنەی ژنێکم لەسەر ستوونی کارەبا بینی
لە دڵارێکی بەژن زراڤی چاومەست دەچوو
بەرپرسێکم بینی
لە تەلەفزیۆنی ڕەش و سپی دەچوو
تەلەفزیۆنەکانم بینی پڕببوون لە دیکتاتۆری لێکچوو
حکومەتێکی نوێم بینی
لە تاسێکی مسی حەمامێکی سەدەی نۆزدەهەم دەچوو
ڕووخانی حکومەتێکی دڕینم بینی
لە گەڵانەوەی جاشەکەی دراوسێمان دەچوو, بەمۆزەری مەلایەکەوە
لێرە هەموو شتەکان لەیەك دەچن!
چەند جارێك مردنم بینی
لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکان دەچوو
کەسانێك هەڵیدەبژێرێت و
کەسێك مردن هەڵدەبژێرێ
لە سەردەشت عوسمان دەچوو